بەبۆنەی ڕۆژی نێودەوڵەتی لێخۆشبوون، سەماحەتی حەکیم داوا دەکات بڕیاری توندتر دەربکرێت بۆ ئەوەی سنوور بۆ ڕق و کینە دابنرێت

رئيس تيار الحكمة الوطني
of the Head of the Al-Hikma National Movement
ammaralhakeem.com
Head of the Reform and Reconstruction Alliance

لەڕۆژی 15-11-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی داوای کرد هەموو چالاکییە ئاینی و سیاسی و بژاردن و دەرکردنی بڕیارەکان زیاتر توند بکرێت بۆ سنوور دانان بۆ ڕق و کینە، ئەوە لە بەیانێکی هات بەبۆنەی رۆژی نێودەوڵەتی لێبوردن و لێخۆشبوون، ڕوونیشی کردەوە کە " لە جیهانێك کە شەڕ و ململانێ و ئاژاوەی تێدا باوە، مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی چەندین هەژانی بەها هاتوە، هەروەها دوو ڕوویی زۆر لە پێوەرەکان بەدی دەکرێت وەك ئەوەی لە غەزە ڕوودەدات، لەم رۆژە کە ڕۆژی لێبوردنی نێودەوڵەتییە پێویستە هەموو یەك بین لە چالاکییە ئاینی و سیاسی و بژاردەیی لە هەموو پارچەیەکی ئەو زەوییە، بۆ ئەوەی پالپشتی داهاتووێکی ڕووناك بکەین بۆ گەلانی جیهان.

سەماحەتی داوای کرد بڕیاری توندتر دەربکرێت بۆ ڕاگرتنی شاڵاوی ڕق و کینە و دووبەرەکی و تیرۆر و بڵاوکردنەوەی لێبوردەیی لەنێوان مرۆڤەکان و قبوولکردنی یەکتر و خۆشەویستی و رێزگرتنی یەك وێڕای جیاوازی ڕۆشنبیری و کەلتوور.